# ئۆردووگای ئەلتاش

ئەمجەد شاكەلی

پەیامنێری كەناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرە، عەبدولعەزیم موحەممەد(عبدالعظیم محمد)، ڕاپۆرتێكی لە ئۆردووگای ئەلتاش(الطاش)ی، دەڤەری ڕەمادی لە عیراقەوە،ئامادە كردبوو و شەوی 2003/11/7، لە پرۆگرامێكدا بە نێوی پەیامنێرانی ئەلجەزیرە"مراسلوا الجزيرة"، لەو كەناڵەوە، بە دەنگ و ڕەنگەوە پەخشكرایەوە. ئەو ڕاپۆرتە، بەشێكی دیكە لە كارەساتەكانی مرۆڤی كورد، پێشان دەدات. ئەو ئۆردووگایە، چەندین هەزار مرۆڤی كوردی تێدایە. پیر و ژن و زارۆك و لاو و پیاو و هەموو جۆرە تەمەنێك. زۆرێك لەوانە، هەر لە نێو ئەو ئۆردووگایەدا هاتوونەتە دنیاوە و بێجگە لەو ئۆردووگایە، چ جێگەیەكی دیكەیان، بە چاوانی خۆیان نەدیتووە. ئەوانە كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستانن و لە ساڵانی 1980وە، كە ئیدی جەنگیی عیراق-ئێران بەرپابوو، بە ناچاری زێدی خۆیان جێهێشتووە و هەڵاتوون و لەو ئۆردووگایە نیشتەجێ كراون. ڕێژیمی سەددام حوسەین، بۆیە كاتی خۆی لەوێی نیشتەجێ كردوون، بۆ ئەوەی لە كوردستان نەبن و تێكەڵی كورد نەبن و لەو عەرەبستانەش وردەوردە و بەكاوەخۆ بتوێنەوە و ببنە عەرەب. ئەو ئۆردووگایە، بۆ ئەو خەڵكانە، جۆرە زیندانێكە. ئەوان هیچ جۆرە ئازادی و مافێك، كە تەواوی پەنابەرانی جیهان، بە گوێرەی جاڕیی گەردوونیی مافی مرۆڤ، و پێكهاتنی ژنێڤ لەمەڕ پەنابەرانەوە، هەیانە، ئەوان نییانە. بژێو و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، زۆر بە سەختی و شەكەتبوونێكی بێسنوور، دابین دەكەن. ئەگەر تا مانگی ئەپریلی 2003، هیچ كارێك بۆ باشتركردنی ڕەوشی ئەو خەڵكە، نەكرابێت و نەتوانرابێت، چ كۆمەكێكیان پێ بكرێت، ڕەنگە لەبەرچاوگرتنی باری عیراق و دەسەڵاتی سەددام حوسەینی دیكتاتۆر، پاساوێك بێت بۆ نەكردنی وەها كارێك، لێ لە دوای ڕووخان و داتەپینی ڕێژیمی بەعسەوە، هیچ جۆرە پاساوێك، لە ئارادا نامێنێت و هەرچیش بگوترێت، هەر دەكەوێتە خانەی كەمتەرخەمی و نابەرپرسیارێتییەوە. ڕێبەریەتیی سیاسیی كوردی باشووری كوردستان، كە خۆیان بە نوێنەری كورد دەزانن و ئەوڕۆیش لە دەسەڵاتی نێوەندی عیراقدا بەشدارن، دەبوو:

1. برێك فراوانتر بیر بكەنەوە و كێشەی هەموو كورد، لە هەموو بەشێكی كوردستان و لە هەندەران و جیهاندا، بە هی خۆیان بزانن و لەو چوارچێوە تەسكەی، تەنێ باشووری كوردستان و عیراقییانە بیركردنەوەیە، برێك خۆیان ڕزگار كەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2. وەک چۆن تا هەنووکە ڕێگەیان بە مانەوەی، ئەو هەموو عەرەبی عەرەباندنانەی کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و..، داوە و نەیانوێراوە وەدەریان نێن و هێشتا لەو دەڤەرانەی کوردستان دەژین، دەکرا بڕێک بوێری بنوێنن و باسێکی ئەو ئۆدووگایەیان، وەک بەشێک لە تراژیدیای مرۆڤی کورد، لە نێو نێوەندی دەسەلآت و لەگەڵ دۆستانی ئەمەریکاییانیاندا، بهێنایەتە گۆڕێ.

3. سەردانی ئەو ئۆردووگایەیان کردبا و لە نێزیکەوە گوێیان ڕادێرایە بۆ گێڕانەوە پڕێش و پڕدەردەکانی ئەوان، و بە تەواوی دەسگای ڕاگەیاندن و میدیایەک، کە هەیانە، تیشکیان خستبایەتە سەر خۆیان و کێشەکەیان و هەموو جیهانیان، لە ناخۆشیی ڕەوشی ئەوان، ئاگادار بکردبایەوە و هەوڵێکیان دابا، بۆ گواستنەوەی ئەو خەڵکە، بۆ باژێڕەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەو باژێڕانەی، کە کاریگەریی عەرەباندنیان کەوتووەتە سەر، وەک کەرکووک، مووسڵ، خانەقین، مەندەلی، خورماتوو و ناوچەکانی سەر بەو باژێڕانە. بەو کارەش تەواوی خەونەکانی بەعس و ڕێژیمی سەددام حوسەین، پووچەڵ دەکرایەوە.

4. جەلال تاڵەبانی، کە پێیەکی لە قەلآچوالان و بەغدا، و پێیەکەی دیکەی لە تارانە، و لەگەڵ تەواوی زلەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دادەنیشێت، و نێوانیشی گەلێک خۆشە لەگەڵیاندا، و دەتوانێت میانگەریی لە نێوان ئەوان و ئەمەریکادا بکات!، بۆ ناتوانێت لای دۆستانی ئێرانیێ، باسی ئەو ئۆردووگایە بهێنێتە گۆڕێ و هەوڵێک بدات بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان!.

بەتەنگەوەهاتن و خەمی خەڵکانی ئەو ئۆردووگای ئەلتاشە، خەمی هەموو مرۆڤێکی کوردە و بەرپرسیاریەتی و ئەرکی ڕێبەریەتیی سیاسیی ئەوڕۆی کوردستانە. هەرچی زووتر، کێشەکەیان چارەسەر بکرێت، ڕەوتی گەیشتنی مرۆڤی کورد، بە ئامانجەکانی، هێندە خێراتر دەچێتە پێش. ئەو پرسە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ وەها کێشەیەک، دەکرێ کوردانی هەلآتووی باکووری کوردستان و پەنابەرانی هەموو گۆشەیەکی کوردستان بگرێتەوە.

2003/11/8



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com